


صاڵح عیلمانی

# مردن لەسەر شەقامەکە

و: بۆ کوردی: شیرین. ک

ئەمڕۆ سەگێك پێم وەڕی، هەر تۆزێ لەمەوپێش، چوار، پێنج یان شەش حەوت کوادر*بەرەوخوار، بەتایبەتی بەمن نەدەوەڕی و نەشیدەویست بمگەزێ، نا وانا، لێم نزیك بووەوە، خۆی درێژکردبوو لەهەمان کاتدا ئامادەبوو خۆی کۆبکاتەوە لمۆزی درێژکردبوو وەکو هەر سەگێك کاتێ گومان دەکات و دەیەوێ بۆن بکات، دوای ئەوە وەستا، پاشەوپاش گەڕایەوە بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە، پاڵکەوت و دەستیکردە وەڕین، وازی لەسەیرکردنم هێناو ئیتر لەبەرزایی دەڕوانی.

نازانم بۆ ئێستا لەسەر ئەم کورسییە بەردینە دانیشتووم، شەوێ کە بەرەو ماڵ بوومەتەوە (لەوە دەچێ نەتوانم یەك هەنگاوی تر بڕۆم)، نەمتوانیوە، چونکە قاچەکانم داماوانە زۆر لاوازن، بەڵام هیچ رۆژێك لەڕۆیشتن ماندوو نەبوون، دەبێ لەم مەسەلەیە بکۆڵمەوە، ئەمە یەکەمجاریشمە بیر لەوە دەکەمەوە کە ماڵەکەم دوورە، هەست بەلەرینەوەیەکی سەیری ئەم وشەیە دەکەم، دوور تۆ بڵێی (دوور) بێ، بەڵێ (دوور)ە، لەبەرئەوەی ئەو وشەیەم بیر چووبووەوە.

من دەڵێم (ماڵەکەم)، بەڵام ماڵەکەم چ نییە جگە لەئەشکەوتێك لەدەرەوەی شار لەبناری شاخەکەدا، منیش حەزم لەو جۆرە ناولێنانانەیە، ناسیاوەکانم ئەوانەی داوای ئەو چەند سەنتەیان لێدەکەم کە رۆژانە پێویستیم پێی دەبێ، لێیان نزیك دەبمەوەو ئەڵێم: (ئەفەندی چۆنی؟) ئەو ناسیاوانە کەمن، لەڕاستیشدا ئەوانە هاوڕێمن، هەر رۆژەی بۆ یەك دووانێکیان دەگەڕێم و ئەوانەی تر مەرەخەس دەکەم، جا لەبەرئەوەی بەینە نابەینێ داوای پارەیان لێدەکەم نەلیێم هەڵدێن و نەدەست بەڕوومەوە دەنێن ئەگەر رۆژێ یەکێکیان ببینم ئەو رۆژە سەرەی ئەو نەبێت هەر سڵاوی لێدەکەم (چۆنی ئەفەندی)و یەکسەر دەڕۆم بەو هەنگاوانەی

که واملێدەکات لەوە بچم کە تۆزێ پەلەم بێت، بەڵام ئەگەر سەرەی ئەو کەسە بوو پێیدەڵێم: (چۆنی ئەفەندی، سێ یان پێنج یا حەوت یان دە سەنت بخەرە ئێرە) سێ سەنت بەشی قاوەیەکی سادە دەکات، ئەگەر پێنج سەنت بوو بەشی نان دەکات خۆ ئەگەر حەوت سەنت بوو ئەوا شەکریشم دەست ئەکەوێ، ئەوسا جانتاکەی پشتم دائەگرم، فنجانەکەم دەردێنم قاوەکەی تێدەکەم، شووشە ئاوەکەش دەرئەهێنم ئاوەکەی تێدەکەم بەپەنجەم تێکی ئەدەم بەمجۆرە بڕی قاوەکە زیاد دەکات و ئیتر بەشی ئەوە دەکات بەنانەکەوە بیخۆم. ئەگەر پارەکە دە سەنت بوو ئەتوانم شەکرلەمەیەکیش بخۆم. کەواتە سێ سەنت خراپە، پێنج–ەکە عادیە، حەوت باشە، دە تەواوە، بەڵام یەك سەنت یان دوو یان بێ یەك سەنت و دوو سەنت نازانم، چونکە ئەوە قەت ڕووینەداوە، چونکە خوا رزقم ئەداو ئەو بەهرەیەشی داومەتێ ژیانم ڕێك بخەم. هەندێجار ڕێدەکەوێ زیاد لەدە سەنتم دەسکەوێ ئەوەش ئەگەر لەساتێکی گونجاودا ڕێکەوتی ئەفەندییەك بکەم لەو کاتەدا بەشی بەرچاییەکەم دەست ئەکەوێ هەندێجار بەشی نانی نیوەڕۆش، بەڵام مەسەلەی نانی بەیانی و نیوەڕۆم زۆر بەلاوە گرنگ نییە، ئەو خووە خراپەی فێری بووم و بۆم تەرك ناکرێ ڕۆژووە، خوویەکی تریش هەبوو ڕزگارم بوو لێی شتم دائەهێنا تا هەموو پارەکانم خەرج کەم، سەیرم کرد ئەوە تەندروستیم تێکئەدات و لەڕۆشتندا جاڕسم دەکا، ئیتر وازم لەو خووە خراپە هێنا، واملێهات ئەوەی لێم ئەمایەوە هەڵمئەگرت بۆ ڕۆژی دوایی، بەڵام هەرچەندە شتێکیشم هەڵگرتایە هەر وازم لەو پیاسەیەم نەدەهێنا. دیارە ئەو کاتەی شتێکم پێبوو ئیتر داوای هیچم نەدەکردو ئەگەر لەو کاتەدا یەکێك لەو ئەفەندیانەم بدیایەو ئەو ڕۆژە سەرەی ئەو بووایە هەر سڵاوم لێدەکردو دەڕۆشتم، چونکە سەرەکەی دواخرابوو.

جارێکیان تووشی کێشەی پارە زۆری بووم. شەوێکیان گەیشتمە لای ماڵی یەکێك لەو ئەفەندیانەی ئەو ڕۆژە سەرەی ئەو بوو، بینیم لەباڵکۆنی سەر دەرگای ماڵەکەیان لەگەڵ کۆمەڵێ ژندا وەستاوەو لەهەوای خۆیایەتی پێم وت (ئەفەندی سێ سەنت یان پێنج سەنت یان حەوت یا دە بخەرە ئێرە) لەو کاتەدا ئەفەندییەکی تر کە لەوێدا دانیشتبوو هەستاو پێیوتم: ئەوە دووبارە بکەمەوە کە وتم، منیش بۆم وتەوە، داوای لێکردم بۆی ڕوونبکەمەوە مەبەستم چییە، منیش بەدرێژیی بۆم شیکردەوە، چونکە من حەزدەکەم باسی کاروباری خۆم بکەم ئەوەش تاقە شتە کە باسی دەکەم، چونکە من هەمیشەو لەهەموو کاروبارێکدا دەستی خودا دەبینم، کاتێ بەیەکێك دەگەم کە بایەخدەدا بەئیشوکارم قسەی بۆ دەکەم، بەڵام بەدەگمەن یەکێکی وەکو ئەو ئەفەندییە دەدۆزمەوە لەبەرئەوە کاتەکە بەبێدەنگی بەسەر دەبەم، خەڵکی دەمبینن کە وەکو لاڵ دەڕۆم بەڕێوە وادەزانن حەزم لەقسەکردن نییە، بەڵام مەسەلەکە وانییەو بەڵکو بەپێچەوانەوە، چونکە من هەمیشە قسە دەکەم، لەگەڵ خۆم قسە دەکەم.. باشە، ئینجا ئەو ئەفەندیە پێنج بیرۆزی کاغەزی لەبەرچاوما ڕاگرت، سەیری پارەکەی دەستیم کردو پێموت: (ئەفەندی ئەوە وەرەقەیەکی پێنج سەدییە) تا ئاگاداربێ نەوەك هەڵەی کردبێ. پێی وتم (بەڵێ.. بیگرە) لێم وەرگرت.. ئەی هاوار... خواحافیزیم لێکردن، بیرم کردەوە (خوا وای ڕەزا لەسەر بوو) دەرۆیشتم و دەمزانی خوا خۆی پێم دەڵێ کە دەبێ چی لەو پارەیە بکەم کەچی سروشەکە دواکەوت دوو، سێ، چوار تا پێنج ڕۆژیش، دوای ئەوە خوا چی خستە دڵمەوە ئەوەم کرد: پارە کاغەزینەکەم لەپارچەیە قاقەزەوە پێچاو بەستم لەبنی جانتاکەدا. لەو کاتەوە لەوێدایە. با بۆ ئەو کەسە بێت کە دوای مەرگم لەسەر ئەم شەقامە هەڵمدەگرێتەوە، خوا ڕێنیشاندەری بێت ئەو پارەیە بدۆزێتەوە وەکو خەڵاتێك بۆ ئەو کارە چاکەی کە دەرهەق بەمنی دەکا.

شتێکی سەیر منی لێرەدا دانیشان لەکاتێکدا ڕێك بەڕێدا دەڕۆیشتم شتێکی سەیر منی لێرەدا ڕاگرت.. ئێستا پێمزانی کە تەنیا سێ ڕۆژنامەم لەگەڵ خۆم هێناوە لەبری ئەو چوارەی هەموو جار دەیهێنم، هەرگیز پێشتر شتی وا لێی ڕوونەداوم. دەبینم وامکردووە کەچی لەبری ئەوەی هەستم و بگەڕێمەوە بۆئەوەی ڕۆژنامەیەکی تر بدۆزمەوە ئەئاوا بۆخۆم دانیشتووم.. خوایە گیان دیارە تۆ ئاگات لەمەیە کە لێم ڕوودەدا، بێگومان ئەمە شتێکی خراپە، بەڵام تۆ ئیرادەی خۆت جێبەجێ دەکەی من نیگەرانم لەو خووە خراپەی خۆم کە هەر دەبێ دوو ڕۆژنامە دابخەم و دووان بدەم بەخۆمدا، کەچی وا ئێستا هەر سیانم لەگەڵ خۆم هێناوە ناشزانم واباشترە دووانیان بدەم بەخۆمداو یەکێکیان لەژێر خۆمدا ڕابخەم یان دووانیان لەژێر خۆمدا ڕابخەم و یەکێکیان بدەم بەخۆمدا. خوایە لەم چورتمە ڕزگارم کە، چونکە تاقەتم نییە بگەڕێمەوە بۆ ڕۆژنامەیەکی تر بگەڕێم.

جارێکیان بەتانییەکم هەبوو، خوا خۆی ئەو پەرچووەی بۆ ڕەخسانم، چونکە وایکرد لەو کاتەدا بەبەردەرگای ماڵێکدا بڕۆم کە پیاوێك لەبەر دەرگاکەدا وەستابوو بانگیکردم و وتی (ئەوە بگرەو لەدوور فڕێیدە) گوێم لێگرت، تێم ڕوانی بەتانیەکەم بینی. بەپیاوەکەم وت (چۆنی ئەفەندی.. گەر دەتەوێ فڕێیدەی، فڕێیدە بۆ ئێرە) ئیتر پیاوەکە بەتانیەکەی دامێ.

سەردەمانێکی خۆش بوو، ئەو کاتە بوو کە ئیتر ماندوو بووم لەوەی داوای شوێنێك بکەم کە تیا بخەوم، ئەمڕۆ لێرە، سبەی لەوێ، لەبەرئەوەی لەیەك جار زیاتر نەیاندەهێشت لەجێگایەکدا بنووم. داوام لێدەکردن ڕێم بدەن لەچێشتخانەکەدا بنووم. یان لەژێر کەپرێکدا، یان هەر شوێنێکی حەوشە، هەر شوێنێ هەر سەر شەقامەکان نەبێ، لەسەر کورسییەکی بەردین وەکو ئائێستام، چونکە منیش ئارەزووی خۆمم هەیە. دوو شت هەیە ڕێیان پێنادەم: نووستن لەسەر کورسییەکی بەردین و سواڵی خواردن، چونکە هەمیشە بەڕووخسارێکی شەڕانگێزەوە وەڵامم ئەدەنەوە، وەڵامەکە بەبەڵێ بێ یان نەخێر هەنێجار وا ڕێکدەکەوێ لەدوو، سێ، چوار، پێنج ماڵ ئەپاڕێمەوە تا شوێنێکم دەسگیر دەبێ تیایدا بنووم، جارێکیان داوام کرد ڕێم پێبدەن لەحەوشەی پشتەوەی ماڵێك خۆم بەتاڵ بکەمەوە چاڵێکم لەزەویەکەدا بینی، کێ چوزانێ ئەو چاڵە بەرازێ هەڵیکەندبێت یان ئیشی سەگێك بێ، هەر بەچاو لایەنەکانی چاڵەکەم پێوا بینیم بۆ پانی و درێژی من گونجاوە. بەتەواویش وشك بوو سەیری ماڵەکەم کرد چێشتخانەکە شاردبوویەوە، سەیری بەردەمی خۆمم کرد بینیم دەلاقەیەك لەو دیوارەدایە کە لەسەر شەقامەکەیە، بەپەلە بیرم لێکردەوە، یەکسەر ڕۆشتم تا لەوبارەیەوە لەگەڵ خەڵکی ئەو ماڵەدا قسە بکەم. مەسەلەکەم بۆ باسکردن: من هەمیشە درەنگ دێم بۆ نووستن، ئەو کاتەی هەموو نوستوون، بەیانی زووش دەڕۆمە دەرەوە پێش ئەوەی کەس لەخەو هەستابێت، دەلاقەکەش لەوێدایە بۆ هاتنە ژوورەوەو چوونە دەرەوە بێئەوەی هەستم پێبکەن جگە لەوەی من کەس وەڕس ناکەم، شایەت ڕێم پێبدەن لەو چاڵەدا بخەوم کە لەماڵەکەوە نابینرێ، چونکە چێشتخانەکە شاردوویەتیەوە، ئەئاوا هەموو شتێکم بەباشیی بۆ شیکردنەوە، ئەوانیش خەڵکێکی باش بوون، ئیتر ڕێیان دام.

کە یەکەم شەو خۆم خزاندە چاڵەکەوە وامزانی ساردی زەوییەکە لێناگەڕێ چاو لێکنێم، بەڵام خوا یارمەتی دام، چونکە هەر دوای تۆزێ هەستم بەگەرمایی کرد، هەموو شەوێکیش هەمان شت لێی ڕوودەدام.

شەوێکیان و لەکاتێکی چاوەڕواننەکراودا ئاو بەسەرما هاتە خوارێ ئەوە لەبەرەبەیاندا روویدا کە خەریك بوو لەخەو بێدار دەبوومەوە، هەستام و چوومە دەرێ و بەدەم ڕێوە بەشنەی شەماڵ خۆم وشك کردەوە، لەکاتێکدا کە دەڕۆشتم بیرم کەوتەوە کە دیوارەکە پارچە چینکۆی پێوەیە کە سێ، چوار، پێنج، شەش، حەوت هەنگاو لەچاڵەکەوە دوورە، شەوێ پارچە چینکۆکەم جوڵاندو لەشوێنەکەی خۆی هەڵمکەندو چاڵەکەم پێ داپۆشی بەیانی خستمەوە جێی خۆی بێئەوەی کەس پێبزانێ، هەموو شەوێ وامدەکرد با ئیتر بۆخۆی هەر بباری. دیارە بیرۆکەی پارچە چینکۆکەم لەخواوە نەبوو، چونکە خوا چاکەیە، بەکارهێنانی پارچەیە چینکۆ بێ پرس کارێك بوو کە نەدەبوو بیکەم، کارێکی خراپ بوو، بەڵام داپۆشینی چاڵەکە کارێکی باش بوو، بەهەرحاڵ، خوا لێم خۆش بووە، چونکە هەر بۆ رۆژی دوایی بوو خوا بەتانییەکەی بۆ ناردم.

ئەو زەمانە خۆشە بەردەوام بوو هەتا منالان پێیان زانیم، من دەڵێم: سەگ باشەو منالان شەڕانگێزن، لەبەرئەوەی قەت تووشی کوڕێکی باش یان سەگێکی خراپ نەبووم، بەڵام بێگومان خوا هەموو جۆرە شتێکی خولقاندووە، رۆژێ لەڕۆژان سەگێك بێتاقەتی نەکردووم، بەڵکو هەندێکیان دوام دەکەون و دەیانەوێ لەگەڵما بژین، باش لەمە تێدەگەم، سەگ بەدوای خواردنەکەمەوە نییە، بەڵکو دەیەوێ لەگەڵما بێت، چونکە باش دەزانێ خواردنم پێ نییە ئەتوانێ بۆنی جانتاکەم بکات، سەگێکیان تێدەپەڕێ و دەمبینێ خۆی گورج دەکاتەوە، سەری بەرز دەکاتەوە، ئینجا خۆی شل دەکات لەپشتمەوە ئەوەستێ وردە وردە دێتە پێشێ و لەتەنیشتمەوە دەڕوا، هەنگاوە گورجەکانی لەسەر ریتمی هەنگاوە خاوە درێژەکانم رێکدەخات. بەمجۆرە لەگەڵیا دەڕۆم و پێکەوە دەڕۆین، سەیری یەکتری دەکەین، دڵی بەهیواوە لێدەداو لەگەڵیشیا کلکە لەقێ دەکات، تا دواجار لێیدەڕوانم و سەر بادەدەم و پێی دەڵێم: سەگەفەندی ناتوانم لەگەڵتا بژیم، تێم دەگات، لێم دووردەکەوێتەوە بەهەنگاوی گورجترو خەمبارتر.

ئەمرۆ ئەم سەگە چییەتی دەبێ لەم مەسەلەیە بکۆڵمەوە، ئەو کوڕانەی دەیانبینم هەمیشە شەڕانگێزن، قسەی ناشرین و پیس دەکەن، لەخەڵك ورد دەبنەوە، بەردی تێدەگرن و هاوار دەکەن و ناوو ناتۆرەی لێدەنێن، گەر کوڕێك بەتەنیا بێ دەزانم خۆی وا نیشان دەدا کە نامبینێ، بەڵام لەدڵی خۆیدا خۆی ئامادە کردووە بۆئەوەی فرسەتم لێبێنێت، بەڵام ئەگەر دوو سێ یان چوار کوڕ بن ئەوا ئەو خەتەرەی تووشم دێ گەورەترە، چونکە ئا لەو کاتەدا رووی راستەقینەی خۆیان هەڵئەماڵن، کە یەکئەگرن ترسیان بیر دەچێتەوە، هەریەکەیان دەیەوێ لەوی تریان شەڕانگێزتر بێ، لەو کاتەدا هەست ئەکەم کلکیان لێدەڕوێ کلکی سەگ نا، شایەت کلکی شەیتان، بۆیە ئەو کەسەی لەگەڵ خوادا بێت ئەو کلکانە نابینێ.

لەڕاستیدا من دەزانم بەهۆی لاوازیمەوە ئێسکەکانم زیاترو زیاتر دەردەپەڕن، ئەو منالانەی کە خوا ناناسن حەزیان بەم دیمەنەیە. خۆشحاڵیشن بەپانتۆڵە دڕاوەکەم کە هەر بەدڕاوی ماوەتەوە چونکە پینەیان ناکەم، تا لای لوولاقەکانیشم هەڵکردووە، دەمی پێڵاوەکانیشم هەڵهێناوەتەوە تا هەوا با لەپەنجەکانم و قاچم بۆگەن نەکات، رەنگە لەهەموو شت زیاتر ریشم بیانهەژێنێ کە لەپڕ هات و وەکو خۆی هێشتوومەتەوە هیچیش نییە جگە لەگەنەموویەك کە تۆزێ درێژ بۆتەوەو وەکو ئاوریشم نەرمە، هەر بەڕاستمە بۆیە هەمیشە دەستی پیادێنم.

من هەموو ئەو شتانە دەزانم، بەڵام بەرگریی لەخۆم دەکەم، یەکێك لەشێوازەکانی بەرگری کردنیشم ئەوەیە قەت لەبەریان هەڵنایەم ئەگەر هاواریشیان لێکردم خۆم وا نیشان ئەدەم کە هاوار بەسەر منا ناکەن هەروەها کات و شوێنی گونجاویشیان بۆ ناخولقێنم تا ناووناتۆرەیەکی وام دواخەن کە پێمەوە بلکێ، چونکە بەترسنۆکی نامبینن کاتێ بەو شوێنانەدا ئەسووڕێمەوە کە پڕە لەخەڵك کە هەندێکیان دێن و دەچن هەروەکو ئەوەی سەرقاڵ بن یان پەلەیان بێت هەندێکی تریان لەوە دەچن ڕەشەبا لەبەر هۆیەك هێنابێتنی بۆ ئەو شوێنەو چاوەڕوانن هەر ئەو ڕەشەبایەی هێناونی شتێکیان بداتێ ناشزانن ئەو شتە چییە، من هەرگیز ناچم بۆ ئەو شوێنانە، من ڕێدەکەم تا ئەو ئەفەندییانەم بدۆزمەوە دوای ئەوەی ئەیاندۆزمەوە بەڕێی خۆمدا ئەڕۆم و هەر ئەڕۆم.

شێوازێکی تر بۆ بەرگریکردن لەخۆم کاتێ یەکێك لەو کوڕانە دێت یان بەبەردەمما ڕەت دەبێ یان بەخۆم نەزانم کە لەدوامەوەیە ئەوە من هەمیشە بەمرومۆچیی بەڕێدا دەڕۆم وریام بۆ ئەوەی خۆم لەهەر بەردێ لادەم کە تێم دەگیرێ، ئەگەر وا نەبوومایە کێ دەزانێ تا ئێستا چەندجار بەهۆی بەردەکانی ئەوانەوە سەرم دەشکێنرا.

ئەوەی منالآن بەچاڵی خەوتنەکەیان کردم لەبەرئەوە نەبوو کە کەمتەرخەم بووم، نازانم چۆن پێیان زانیم، قەت نەگەیشتمە ئەو ئەنجامە، شەوێکیان هەستم کرد شتێك دەچێ بەجەستەمدا توومەس دڕك و داڵیان کردبووە چاڵەکەمەوە. شەوێکی تر پیوبان کردبووە چاڵەکەمەوە بۆ شەوی دوایی هەموو لەشم ئاوسا، بۆ شەوی دوای ئەوە کە دوایین شەو بوو کە بەتانییەکەم کردەوە هەموو گیانم بوو بەگوو، بەتانییەکەیان پڕکردبوو لەگوو، زانیم لەکوڕێك زیاتر ئەمەی کردووە، لەچاڵەکە هاتمە دەرێ و خۆم بەخۆڵ پاککردەوە دوای ئەوەی باش خۆڵەکەم لەخۆم هەڵسوو بیرم کردەوە: بۆچی وا لەمن دەکەن؟ دوایی وتم: خوا وا ڕەزای لەسەرە دیارە ئەو شتە خراپانەی لەمرۆڤ ڕوودەدەن لەلایەکی ترەوە زۆر ئاساییە بێئەوەی کەسمان بەمە بزانین مەگەر لەدواییداو لەکاتی خۆیدا.. هەمیشە هەر وابووە.

ئەو شەوە بەخۆم وت: ناخەوم، پارچە چینکۆکەم خستەوە شوێنی خۆی لەدیوارەکەداو لەدەلاقەکەوە چوومە دەرێ. بەتانێکەشم هەر لەوێدا بەجێهێشت، هەرچەندە دەمتوانی لەگەڵ خۆمدا بیبەم و بیشۆم، بەڵام لەوێدا جێمهێشت و ڕۆشتم، هەر ڕۆشتم ڕۆشتم ڕێك بەهیچ لایەکدا پێچم نەکردەوە، بەڵکو ڕێك ڕۆشتم پاش تۆزێ دیتم ئەوە ڕێگەکەیە، کە وەستام گەیشتبوومە دەرەوەی شار لەوێدا بینیم، ئەشکەوتەکەمم بینی و لەو چرکەیەوە بوو بەماڵم بەچەماوەیی خۆم کرد بەژووردا، شێوە نیو بازنەییەکەی وایکردبوو لەهۆڵێك و ژوورێك بچێت، یەکسەر پاڵکەوتم، ئەو کاتەی پاڵکەوتبووم و هێشتا خەوم لێنەکەوتبوو خوا بیرۆکەی ئەو ڕۆژنامانەی دامێ، خۆشم بەمێشکی خۆم بیرۆکەکەم باشتر کرد: دەبێ چوار ڕۆژنامە بێ دووان لەسەر زەویەکەو دووان خۆمی پێداپۆشم. ئیتر لەو کاتەوە حاڵم لەگشت کاتێك باشتر بوو، کە لەماڵەکەمدا دەبم با باران بۆخۆی هەر بباری بێئەوەی تەڕ بم یان ناچار بم هیچ شتێك بەچینکۆ داپۆشم، لەو ناوە هیچ منالێکیشم نەدیوە.

ئێستا وا دە سەنتەکەی سبەینێم پێیە، شووشە ئاوەکەشم پڕە گەر ئێستا دایکم لەو دنیایەی ترەوە چاوی لێم بێت دڵخۆش دەبێ لەبەرئەوەی کوڕەکەی لەهیچی کەم نییە، ئەو شتەی کە هەنووکە نیمە ئەو تاقە ڕۆژنامەیەیە، ئەوەش زۆر گرنگ نییە چونکە بڕیارم دا یەکێکیان لەسەر زەویەکە ڕاخەم و دووانیشیان بدەم

بەخۆمدا، ئیٚ وا لەو کێشەیەش رزگارم بوو، ئەگەر مامیشم ئاگای لەحاڵم بێت، دڵخۆش دەبیٚ–هەرچەندە نەبووم بەپینەچی– کەوا توانیومە ڕێگەیەکی تر بگرمەبەرو لەم ڕێگەیەشدا پەکم نەکەوتووە، بەڵام شتێك هەیە ئەبیٚ لێی بکۆڵمەوە ئەویش ئەوەیە کە قەت نەمزانی کیٚ باوکمە لەبەرئەوەی ئەوان پێیان نەوتم کیٚ باوکمە، بیرم کردەوە کە دەبیٚ نەیزانم لەبەرئەوە لێمنەکۆڵیەوە، دایکم زۆری ئیش دەکرد، هەموو شتێکی دەشت، درووماني دەکرد، ئوتوی دەدا، چێشتی لێئەنا، نەشیدەهێشت یارمەتی بدەم، پێیدەوتم: تۆ ئەو شتانە نازانی، بڕۆ یاریی بکە، لەحەوشەکە یاریم دەکرد، حەوشەیەکی بچووك بوو، بەڵام ئەمتوانی لەمسەرەوە بۆ ئەوسەری رابکەم، دارێکم لەزەوییەکەدا دەچەقاندو بەسەریدا بازم دەدا، هەندێجار تاقەتی یاریم نەبوو، بەڵام هەر بۆئەوەی دایکم بمبینیٚ یاریم دەکرد، چونکە دەمزانی حەز دەکا بمبینیٚ یاریدەکەم.

ڕۆژێکیان مامم هات تا لەگەڵماندا بژی، دایکم وتی: ئەوە مامتە، کابرایەکی زۆر پان و پۆڕ بوو لەدواوە سەیرمدەکرد لەوە دەچوو سەری نەبێت، یان سەری لەسەر نەدەچوو، دایکم خوانی بۆ ئامادەکردین و چەرچەفیشی پیادەدا، هەر من و مامم نانمان دەخوارد، چونکە دایکم هەر دەهات و دەچوو، خەریکی ئیشکردن بوو، مامم نانەکەی خڕدەکردەوە بەقاپەکەیدا دەهێناو دەیخوارد، بەدایکمی دەوت: بۆیە وا دەکات تا شتنی قاپەکانی بۆ ئاسانتر بکات، بەمنیشی دەوت: دەی تۆش وا بکە، بەمە یارمەتی دایکت ئەدەی، منیش هەر بۆئەوەی گوێڕایەڵی بم وامدەکرد، بەڵام حەزم لەو ئیشە نەبوو.

ئەو هەموو خواردنەم لەبیرچۆتەوە... هەر بیریشی لێناکەمەوە، ئەوەی لەبیرم ماوە ئەو لەتە مۆزە کاڵانە بوو کە دایکم لێئەگەڕا بیبەم لەکاتێکدا کە سووری دەکردنەوە، دواتر کە دەخرایە سەر قاپ و لەسەر مێزی نانخواردنەکە دادەنرا حەزم لێینەبوو وەکو ئەو کاتەی لەچێشتخانە لای دایکم ئەمخوارد.

ڕۆژێکیان دایکم مرد، دەستم کردە گریان، مامم پەلی گرتم و بردمیە دەرەوە ئاماژەی بۆ سووچێکی حەوشەکە کرد: بڕۆ لەوێدا دانیشەو نەگریت چونکە پیاوان ناگرین مامم هەموو شتێکی گرتە ئەستۆی خۆی و پێیوتم: ئەبیٚ هەموو شتێك بفرۆشین، ئەمە ئەرکی سەر شانمەو دەبیٚ بەتەواویی بەجێی بهێنم.

ڕۆژێکی تر دەرگاکەی داخست و پێیوتم: ئەوە بگرەو بابڕۆین، تورەکەیەکی گەورەو یەکێکی مامناوەندی و یەکێکی بچووکیشم هەڵگرت و بەدوایدا ڕۆشتم تا گەیشتینە لای پاپۆڕێك تورەکەکانی لێوەرگرتم و نەیهێشت سەرکەوم، پێیوتم: لێرە چاوەڕوانم بکە، نەوەك بکەوی زۆر دواکەوت کە گەڕایەوە شتێکی پێچراوەی بەدەستەوەبوو، پێیوتم: ئیتر نەدایکت هەیەو نەمام، لەمڕۆوە دەبی بەپیاو، دەبیٚ دواڕۆژی خۆت دابین بکەی، ئەمەویٚ ببیت بەپینەچی، پیشەیەکی شەرەفمەندانەیەو پارەیەکی باشیش دابین دەکات، تا نەڵێن من وازم لێهێنایت و بۆ چارەنووسی خۆت جێمهێشتی، هەرچەندە خوا وا ڕەزای لەسەربوو هەریەکەمان بەڕێگەی خۆیدا بڕوا، من ئەمەت ئەدەمیٚ، دەتوانی وەکو پینەچییەك دەست بەکار بکەیت، شتە پێچراوەکەی دامیٚ و گەڕایەوە بۆ ناو پاپۆڕەکە. دەستیانکرد بەلێکردنەوەی گوریسەکان و من هێشتا هەر لەو قەراغەدا وەستابووم، چاوەڕوان بووم مامم دەرکەوێتەوە تا بقیژێنم و بڵێم: مامە ماڵئاوا، پاپۆڕەکە دڕی بەئاوەکە دا، شووتێکی بەهێزی لێداو دەستیکرد بەدوورکەوتنەوە، پاپۆڕەکە دەڕۆشت و منیش هەر وەستابووم بیرم لەوە دەکردەوە کە وا باشترە جاریٚ مامم دەرنەکەویٚ تا پاپۆڕەکە دوور دەکەوێتەوە بۆئەوەی هاواری ماڵئاواییەکەم بگاتە ئەویٚ، چونکە وای بۆ چووم هاوارکردنێك لەکەنارەوە بۆ پاپۆڕێکی دوور وەکو بەرەڵا کردنی چۆلەکەیەك وایە کە بەردەوام دەفڕیٚ تا لەچاو ون دەبیٚ، بەڵام مامم هەر دەرنەکەوت.

که لوولەکەم لێوەرگرت هەستم کرد قورسە، ماوەیەکی باش ڕۆشتم بێئەوەی بیکەمەوە هەرچەندە نەشمئەزانی چی تێدایە، چونکە هیچ فزولێکم نەبوو بۆئەوەی بزانم چی تیایە یان لەوانەشە هەستم بەفزولێکی زۆر کردبێ هەر لەبەرئەوە درەنگ کردمەوە یان لەبەرئەوەی بەبێئەوەی بەخۆم بزانم دەمزانی چی تیایە، چونکە مامم پێی وتبووم: ئەوەی پێمە کەرەسەی پینەچێتێکەمە. دواجار لەسەر کورسیەکی بەردین دانیشتم هەروەکو ئێستام، لوولە کاغەزەکەم کردەوە بینیم قاڵبی پێڵاوە، بێگومان ئەمە شتێکە لەکەرەسەی پینەچی باشترین شت بەخەیاڵما هات ئەوە بوو کە بۆ پێڵاودرووییەك بگەڕێم، دیارە مامیشم بیری لەوە کردبووەوە کە شتێکی وا بەم قاڵبە دەکەم، پێڵاودرووییەك ئەدۆزمەوە بمکات بەشەریکی خۆی لەدووکانەکەیدا، چووم بۆ لای یەکێکیان لوولەکەم دایە، بێئەوەی یەك وشە بڵێم، سەیری کردم و وتی: چیت پێیە؟ لوولەکەی لێوەرگرتم و کردیەوەو وتی: ئەمە قاڵبی تاکی چەپە کوا قاڵبی لای ڕاست؟ لەقسەکەی تێنەگەیشتم و نەمزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە، دیسان سەیری کردمەوەو لوولە کاغەزە کراوەکەی بەدەستێکیەوە بوو قاڵبەکەش بەدەستەکەی تریەوە بوو، هەردووکیانی فڕێداو وتی: ئەمە بەکەڵکی هیچ نایە، لاچۆ لێرە بڕۆ.. بەپەلە ڕۆشتم بێئەوەی بوێرم لوولە کاغەزو قاڵبەکە هەڵگرمەوە، کە بەشەقامەکەدا دەڕۆشتم زانیم کە وا مامم هەڵەی کردووەو هەستی بەهەڵەکەی خۆی نەکردووە، بەڵام سوپاسی نیازە باشەکەیم کرد هەرچەندە هەڵەی کردبوو، کاتێك خوا ڕێیدا بەوەی ئەمە ڕوویدا مانای وایە خوا نایەوێ ببم بەپینەچی.

ئەوکاتە بینیم ئەو وشانەی مامم پێیوتم چەندە گەورەن: تۆ ئێستا نەدایکت هەیەو نەمام، سەیری هەموو لایەکم دەکردو بینیم من چیتر نەئەو مێزەم هەیە کە نانم لەسەر دەخواردو نەئەو حەوشەیەش کە یاریم لێدەکرد، بیرم کردەوە: دەبێ شتێك لەم دنیایەدا هەبێ، نەخەڵکیم دەناسی و نەشەقامەکان، سەیری ناخی خۆم کردو بیرم کردەوە: ناتوانم لەگەڵ خەڵکیدا بمێنمەوە، چونکە هەر کەسەو کەسوکاری خۆی هەیەو منیش کەسوکاری خۆم لەدەستدا، ئەوەی لەم دنیایەدا بۆم ماوەتەوە شەقامەکانە، لەشەقامەکاندا دەتوانم بۆ ڕێگەی تایبەتی خۆم بگەڕێم، ئەمەش ڕەزای خوای لەسەر بوو وەکو مامم وتی. من دەزانم خوا چۆن دەستی یەکێکمان دەگرێ.. خوا ئەو جڵەوەمان دەگرێ کە دەمانجووڵێنێ، باشتر وایە مرۆڤ لەسەر خووی خراپ ڕانەیەت.. لێگەڕێ خوا خۆی جڵەوەکەی بۆ تووند بکاتەوە، بەمجۆرە هەریەکێك لەئێمە بۆخۆی ئەڕواو زیاتر هەست بەئاسوودەیی دەکات، چونکە ئەوکاتە هەست بەو پاڵانە دەکات کە خوا دەینێ هەرچەندە ئەو پاڵانە بچووکیش بن، بۆیە ڕۆژێکیان هەستم بەو پاڵە کرد کە پێوەی نام ئەو کاتەی خەریك بوو ببم بەکرێکاری خاکەناز بەدەست ئەوانەی لم باردەکەن، یەکسەر خاکەنازەکەم فڕێ دا چەند جارێکی تریش خوا پاڵی پێوە ناوم و هەستیشم پێکردووە، بەڵام کە بەشەقامەکەدا دەڕۆم بەرەڵام دەکات چونکە ئەوە ڕێگەی خۆمەو لەوێدا پێویستیم بەپاڵنان نییە، ئەوکاتە وەکو ئەوە وام کە ئیستۆپم نەبێ. مەترسییەك هەبوو کە باڵی بەسەردا کێشام، گەڕان بەدوای نهێنی ژندا، بەخۆمم وت: دەبێ لەمە بکۆڵمەوە، دەستمکرد بەوەی لەژنان ورد ببمەوە، بەڵام لەهیچ یەکێك لەو ژنانەی لێیان وردبوومەوە ئەو نهێنیەم بۆ ئاشکرا نەبوو، ڕۆژێکیان یەکێکیانم بینی دانیشتبوو لەدایکم دەچوو، بەڵام کە هەستا ئیتر لەدایکم نەچوو، جارێکی تر ژنێك لەپێشمەوە دەڕۆی بەخۆی و بوخچە خڕەکەی و جووڵەکانیدا لەدایکم دەچوو، من وام دەبینی، بەڵام کە پێشی کەوتم و ڕووخساریم بینی ئەو لەیەکچوونە نەما. ڕۆژێکی تریش خەیاڵاویی دەڕۆشتم لەپڕ گوێم لەدەنگی دایکم بوو

سەرم هەڵبڕی ژنێکم بینی قسەی دەکرد، چیتر دەنگی دایکم نەگەیشتەوە گوێم. ئەوکاتە بیرم لەوە کردەوە لەوە دەچێ دایکم بەپارچە پارچەیی بەپارچەی زۆر ورد خۆی دووبارە بکاتەوە خۆی دابەش بکات لەنێوان ژنانی تردا. سەرەتا ئەوەم بەلاوە خۆش بوو، بەسڵێکەوە دوایان دەکەوتم و نهێنیەکە بەمێشکما دەهات و ئینجا بەهەموو جەستەمدا بڵاودەبووەوە، دواتر لەمە وەڕس بووم، چونکە هیچ ژنێك لەهیچ شتێکدا ناتوانێ وەکو دایکم بێ، دوای ئەوە ئیتر ئەو لێکچوونەم نەئەدی، سەرەتا وام بیر کردەوە ئەوە خۆمم کە بوونی ئەو لێکچوونانە رەت دەکەمەوە، چونکە بەڕاستی هەیە، دواجار راستیم بینی ئەو کاتەی هەستم بەپاڵەکان کرد، ئەو لێکچوونانە بوونیان نییە نهێنی ژن ئەوەی وەکو تەڵەیەك بەسەرمدا دەسەپاند.. دوای ئەوە ئیتر ئارەزووم نەما بۆئەوەی بەدوای نهێنی ژندا بگەڕێم.

خوا جەزای داومەتەوە.. لەسایەی ئەوداو بەمل شۆڕکردنم بۆ جڵەوەکان رێی خۆم لەم دنیایەدا دیتەوە، پیشەی من رۆشتنە، حەزیشم لەمەیە، بەڵام خواردن هەر بەقسە دەستم دەکەوێ (چۆنی ئەفەندی) ئێستاش وا ماڵم هەیە.. خوا لەهەموو جۆرە دڵەڕاوکێیەك پاراستوومی.. خوا خۆی ئەمڕۆ لێرەدا داینیشاندووم و نایەوێ هەستم و بڕۆم...لەو سەگە سەیرە، ئەوە هیچ کوڕێك لەم ناوەدا نییە بەردێکی بەدەستەوە بێ؟ نا.. نا.. کەس لێرەدا نییە، هیچ شتێك نییە جگە لەم شەقامە.. بەڵام وا شەقامەکەش خەریکە ون دەبێ، شەقامەکەش دەستبەرداری دەبێ، ئەم کورسییە بەردینەی لەسەریشی دانیشتووم خەریکە وەکو هەورێك بەرز دەبێتەوەو دەمبا بۆ نێو تەنیایی و بێدەنگی.. ئێستا دایکم دەبینم لەبەر دەرگای چێشتخانەکەدا وەستاوە، بەڵام ئەو نەیبینیوم بانگی دەکەم: دایە لەتە مۆزم بۆ سوور دەکەیتەوە؟

*خۆسێ فیلیکس فۆنیمایۆر- کۆڵۆمبیا/ بارانکێلا 1885-1966.

*بەکۆمەڵە شیعری (خوداوەندی شیعری خولگەکان) لەتەمەنی بیستساڵیدا چووە ناو دنیای ئەدەب.

*رۆژنامەنووسێکی چالاك بووە، چەندین گۆڤاری دەرکردووەو بەڕێوەبردووە.

*کاریگەریی لەسەر ژمارەیەکی زۆری نووسەرانی کۆڵۆمبیاو ئەمەریکای لاتین جێهێشتووە.

*بەرهەمەکانی هەستێکی ریالیزمیانەی ناسکی هەیە، پشتی بەو ئەزموونە جوانکارییە بەستووە کە تیایدا ژیاوە ئەمەش دوو خەسڵەتی دیاری گشت بەرهەمەکانیەتی.

*دیارترین بەرهەمەکانی:

-سپەیس-رۆمان- 1927.

-سەرکێشیەکی خەمناکی چواردە حەکیم- رۆمان- 1928.

-لەگەڵ پزیشکەکەدا لەدەرەوە-کۆمەڵە چیرۆك- 1937.

-مەرگ لەسەر شەقام- کۆمەڵە چیرۆك- 1967.

**سەرچاوە:**

مختارات قصصيه من ادب امريكا اللاتينيه

*كوادر: یەکەیەکە بۆ پێوانی دورو نزیکی.

خۆسێ فیلیکس فۆنیمایۆر

و: بۆ عەرەبی: صالح علمانی